# له بەهەشتدا دارێک هەیە ئەگەر سواری ئەسپێکی بەهێز خێرا سەد ساڵ ڕابکات ناتوانێت (دووریەکەی) ببڕێت

له ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له بەهەشتدا دارێک هەیە ئەگەر سواری ئەسپێکی بەهێز خێرا سەد ساڵ ڕابکات ناتوانێت (دووریەکەی) ببڕێت».
وله ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سواریەک سەد ساڵ ڕابکات لە ژێر سێبەرەکەیدا ناتوانێت (دووریەکەی) ببڕێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

ئەم فەرموودەیە فراوانی ونیعمەتەکانی بەهەشت باسدەکات، وەسفی دارەکانی بەهەشت وسێبەری ئەو دارانەی تێدایە، وئەگەر سواری ئەسپێکی بەهێز بەخێرایی سەد ساڵ بە ژێریدا بڕوات ئەوا ناتوانێت بگەیەتە کۆتایی سێبەرەکەی ئەمیش بەهۆی مەزنی ئەم دارە، وئەمیش فەزڵێکی مەزنە کە خوای گەورە بەخشیوویەتی بە بەندە تەقوادارەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8350

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee